ڕەشید وسودانی جێخت لەسەر کارکردن بۆ بەهێزکردنی هێزی عێراق لەناوچەکە دەکەنەوە



سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لەمیانی کۆبوونەوەی لگەڵ سەرک کەمار ڕەشید وسودانی جێختیان لەسەر کارکردن بۆ بەهێزکردنی هێزی عێراق لەناوچەکە کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتتوو کۆتووە بڵاویکردەوە"سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە لگەڵ سەرک کەمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید کۆبوونەوە.

وتیشی لەکۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ئەو تەوەر و پرسانە کرا کە لە لوتکەی بەغداد لە خولی 34"ـەمینیدا خرانەڕوو، جگە لە تاوتوێ کردنی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە تێیدا دەرکران و کارکردن بۆ جێبەجێکردنیان، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی بۆ دانراون و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەناوچەکەدا.

لە بەشکی تری کۆبوونەوەکەدا جێخت لەسەر پێویستی هەوڵی زیاتر و کارکردن بۆ بەهێزکردنی هێزی عێراق لەناوچەکە کرایەوە و هەوڵدان بۆ یەکخستنی هەوڵەستی عەرەبی لەسەر ئەو پرسانەی کە گرنگن بۆ ناوچەکە

و جیهان، لەپەناو پتەوکردنی بنەماکانی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەروەها ستایشتی هەوڵەکانی هەموو ئەو لایەنانەی کرا کە بەشداربوون لە سەرکەوتنی لوتکەکە.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا پێشهاتەکانی هەردوو گەشەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و هەوڵەستی عێراق لەبارەیانەوە تاوتوێکرا لەگەڵ خستنەڕووی ئەو هەوڵانەی کە دراون و دەدرێن عێراق لە پرسەکانی ناوچەکەدا، جگە لەتاوتوێکردنی بارودۆخی وڵات و جێختکردنەوە لەسەر گرنگی پاراستنی سەقامگیری و پەرەپێدانی کەرتی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان، بەمەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراق.